# حه رفێک بۆ حه بیبه



كاظم قادر

ماچێک بۆ تۆ ..تۆ بۆن و به رامه ی به رائه ت ،
چه ند حه رفێکی ساده‌ی وه‌ک ئاووم قه بوڵکه
نامه یه کی بچکۆله یه نه وره‌سێکم ڕاسپاردووه،له کازیوه‌ی به یانێکدا
پێش ئه وه‌ی له پاکترین و ناسکترین خه وی بێگه ردیتا هه ستی،
له سه ر ڕه فه ی ماڵۆچکه ی شته عه نتیکه کانتا داینێ.
قوربانی هه ناسه ت بم .. قوربانت بم ئه ی به رائه ت،
بمبه خشه له سۆزی گه وره یيم بوویت و چ داخێکه له مناڵیت بێ به ری بووم.
زه مه ن ئه ڕوا و وه‌ک  هه رشتێ له ده‌ستمدا
دابڕان له وه‌رزی به رائه تی تۆش ڕچانده‌ی و
وه‌ک چۆن له مه رگتا شێت ئه بم ،حاڵی شتێکی ئاواهیم لێ هاتووه،
وه‌ک چۆن ته نها مه رگم بینی
مه رگی ده‌ریا کاتێک به خوێنی ماسیه کان نه زیف ئه بوو،
مه رگی گه ڵا کاتێ له سایه یدا ژوانی ئه وین لێیحه رام بوو،
مه رگی ژنێ وه‌ک چۆن ئه مرێ و لێنا گه ڕێن  بۆ هه ناسه ی  ئه وین بکا،
مه رگی دوێنێ و مه رگی ئه مڕۆ و مه رگی سبه ینێشم له ژنێکدا
ژنێک که له ودا بوومه وێرانه ی کاره سات
ژنێک که نازانم وه‌ک چ ده ستێ میهره‌بانی له گلێنه ی چاوه‌کانما له خاچ داو کوێری کردم !
مه رگی بچکۆله یی تۆشم بینی کاتێک ئیتر گه وره ئه بی و
ئیتر من فریاناکه وم له م ژیان بازاڕه جه نجاڵه دا
له م سه ر زه مینه فێ کرتوه دا به رائه تیت له باوه‌شما بگوشم و ماچی باڵای  باڵایی بچوکی بکه م.
گه وره‌یم لا ناشیرین تر بوو
که هه ستم کرد هێدهێدی باڵات ئه کاو وه‌ک چۆن گه وره بره له مه رگو فه نا بوون،
گه وره یی چ ڕه‌زا تاڵه کاتێک له قیافه ی سوڵتانێکدا ڕه‌فیقت بێ
کاتێ ماچت بکاو وه‌ک بیبه وێ ڕه مزی میهرو سه داقه ت بێ
کا تێک کویله بێت و له حزوری خودانێکدا کڕنووش ببا،
کاتێ سه رباز بێت و جه لاد بێت وجوامێریشی که له سه ری مناڵێ بێ به نوکی سه ره نێزه وه و..
بمبوره هاروون *
له مه ودای شعوورو خولیای په پووله ییت بانتر ڕۆیشتم.. بانتر ئه ڕۆم.
قه ده‌ر تونێلی مه رگه و وه‌ک هه ر مه رگێک که ته مه نم پێیدا ڕۆیشت
قه ده‌ر شکاندن بوو وه‌ک چۆن بووم به دنیا یه ک له پارچه بوون،
وه‌رزه‌کانیش کز ئه سوتێ و ڕه‌نگه ئیتر سه رده‌بای مه رگ بوار نه دا پارچه یه کم بدۆزمه وه و
وه‌کو هه توان له سه ر ده‌لاقه ی برینێکی به سوێی دانێم.
ئه م وه‌رزی هه ناسانه که تێپه ڕین هیچ نه بوون ..هیچ..
شتێ نه ما له به ر شه هیه ی غه زه باوی له نێو  نه چێ و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ ئه و دیوی مه ودای بێ ئیرادەیی نه سپێردرێ،
ئا خر ئتر نه دەکرا فیراق ژانی مه رگی میهرەبانی له ڕۆحمانا جێ نه هێڵێ و
تۆش نوقمی سه ر سوڕمانی خه یاڵێکی وەها جه نجاڵ نه کا
که مێشکی بچکۆلانه ت له ئاستانه ی ئه م نهێنی و ونبونه دا عه زاب نه دا.
بۆ تۆ ڕەنگه پرسیارێکی بێ وەڵام و
یان ونبونێکی ئا سایی و
یان نازانم بڵێم چ بێ،
وەلێ بۆ من لێرەوەیه ژیان نمایشی بێ مانایی خۆی ئه کات و
وونوون ئه کاته قه دەری هه ناسه کان،
وونبوون له وڕوخساره ماندوانه ی خۆشم ویستن وله نێو شه وو دوکه ڵا به جێ مان،
وونبوون له و شه وه ساردانه ی ئه یرەچاندم..
ئه و شه وانه ی که وەک په نجه کانت خۆشم ئه وێن،
ئه وشه وانه ی به حه سره تا تێپه ڕین و مێژووم که ژنێک بوو نه ی ئه زانی دڵۆپه یه ک میهرم باتێ بیخۆمه وە،
وونبوون له قاقا شیرینه کانی تۆ
بێجگه ی سه دای مرۆڤایه تیت وەکو ڕه مزێک بۆخۆشه ویستی چیتر نه بوو.
درەنگ داهات مێژوو شه رمه زاری سبه ینێیه
خواکان به هه ڵه ته فسیریان بۆ ژنان کردوو گه وجانه له باڵای مه زنا یه تی ڕامان،
دەسته کانتم بۆ درێژ که ئه ی به را ئه ت
با به هه ناسه م ما چێ بۆ په نجه کانت بنێرم،
تۆش دەم بنێ به گه روی نا سکی مناڵیته وە
له ئاوازو قریشکه ی قاقایه کدا سرودێک بۆ حه بیبه بێژە.

*هاروون ..... برا زایه کی بچکۆله مه.

**کاظم قادر**
2003/3/13
**سویسرا**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com